# دملی کاوه .. کوڕه کەتـان ببێت به زاوا

**بۆ یا د ی 8 ی مارسی هه موو سا ڵێك**



سـا رد ین ـ سـو ید

ئازادی داواکارییکی سەرەکی هەموو مرۆڤێکە، گەورەترین قوربانی دەدا له پێناوی ئەو ئامانجە، ژنانیش لەزۆربەی قۆناغەکانی ژیانیاندا بەهەنگاوی جۆراو جۆر تێپەریون تا گەیشتوونەتە ئاستی بزوتنەوەی شۆرشێکی جیهانی لەباری کۆمەڵایەتی و ئابووری کەمتر نەبوو لە شۆرشی پیشەسازی.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە و دوای بانگەوازەکەی ( کلارا زیتکن ) بۆ سەرجەم ژنانی جیـهان بۆ ئـەوەی داوای ماف و ئازادی خۆیـان بـکەن و کۆببنـەوە لەژێـر دروشمی ( ژنانی جیهان یەك بگرن )، لەوساتەوە و تا ئێستا تەماشای هەموو وڵاتانی جیهان بکەین بەچەند قۆناغێکی جیاواز لە یەکتر تێپەڕیوە، ژنان لەزوربەی کارگەکان و فەرمانگەکان وقوتابخانەکان وبوتیکەکان شان بە شانی پیاوەکان کاریان کردووە لەکۆمەڵگادا ، لەگەڵ ئەم کارانەشدا رۆڵی دایکایەتی لە پەروەردەکردنی منداڵ و خێزاندا درێغی نەکردووە و لەگەل پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای جیهاندا هەنگاوی باشتر دەنێن ، هەر وەکو لەباری سیاسیەوە ژنان رۆڵێکی گرنگ دەبینن جێگای خۆیان کردوەتەوە لەشوێنە جیاجیا کانی دەسەڵاتی دەوڵەتدا وەکو سەرۆك و وەزیرو پەرلەمانتار و ..هتد و وەکو کادرێکی لێهاتوو دەوری خۆیان بینیوە ، ئەمەبەنیسبەت وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان .

بەڵام لە کۆمەڵگای کوردستاندا باس لەماف و ئازادی ژنان دەکەن ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سەرپێچی لەماف و ئازادیەکانیان دەکەن ، لەژێر چەپۆکی ئیسلامی سیاسی و خێڵەکی و عەشیرەتگەری کۆمەلگای کوردەواری بەگشتی و ژنان بەتایبەتی. خواست و ئارەزوو مافەکانیان لیٚ زەوت کراوە تائێستاش لاوەکانمان بە کوڕ وکچەوە

**نەیانتوانیوە ئارەزوو ئاوەتەکانیان جێبەجیٚ بکەن ، هەمیشە پابەندی ناعەدالیەتەکانی کومەڵگا بوونە.**

**ئا لێرەدا کیروگرفتەکانمان دەست پیٚ دەکات .. بۆچـــــی ؟ !**

**هەر لەرۆژی لەدایکبوونەوە چاومان هەڵدیٚ و دەکرێتەوە بەکۆمەڵگایەکی پڕ لە غەم و کوێرەوەری و ناعەدالەت ، هەر لەو رۆژەدا جیاوازی دەخەنە نێوان کچ و کوڕ ، وشەی عەیبە و بڤە، مەکە ، ئەو یاریە بۆ تۆ گونجاو نی یە .. هتد ئەبێتە تەوق بەسەرماندا دەسەپێت،بەهەموو جۆرێك ئازارمان دەدەن ، کە هێشتا نازانین تام و چێژی ژیان چیە .**

**لە جیاتی ئەوەی مۆسیقایەکی هێمنی بەگوێمان بچرپێنن ، هەرلەو ساتەدا ترس دەخەنەوە دڵمان ، ئەگەر کچ بێت پێیان شەرمە وبە نزمی دەزانن و خێرا بەپارچە قوماشێك لەشی دادەپۆشن و پێیان ناخۆشە بڵێن کیژمان بووە ، ئەم دیاردەیە تائێستاش باوە لەزوربەی لادێکان و تەنانەت لەشارەکانیشدا باوە.**

**لەساڵی 1994 لەنەخۆشخانەی منداڵبونی هەولێر کاتیك کە کچەکەم لەدایك بوو یەکسەر قوماتیان کرد و پێیان نەوتم کچت بووە کاتیك کەپرسیارم کرد زۆر بەشەرمەوە وڵامیان دامەوە کە کچم بووە ، تەنانەت دوای 2 سەعات بە باوکیان ووت بەلالوتەوە کیژۆڵە یەکت بووە . ئەم دیاردانە زۆرن لەکومەڵگای کوردەواریدا ، لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا سوکایەتی بە کچ دەکەن وەکو ئەم دیاردەیە " کۆتایی چوارشەممە سووری سەری هەموو ساڵیك هەرچی منالأنی گەڕەك هەیە کۆیان دەکەنەوەو دەیانێرن بدەن لە دەرگای مالأن و دەڵێن ( دملی کاوە کوڕەکەتان ببێت بە زاوا ) لە پاداشتی ئەم قسەیە خاوەن ماڵ هێلکەی سوور یاخوود کێك و شوکلات دەدەن بە منالأن" .**

**باشە بۆچی هێلکەی سوور دەدەن بە منالأن؟**

**خوێنەری بەرێز هیچ ولأمێکت هەیە بۆ ئەم پرسیارە ؟ ..**

**بەراستی من خۆم نازانم هەر بیستومە و تائێستاش ئەم دیاردەیە باوە لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا.**

**لەو دیاردە دواکەوتوانە زۆرن لەکۆمەڵگای ئێمەدا، بۆئەوەی هەنگاوی باشتر بنێن بەرەو پێشەوە ئەبیٚ لە کۆمەڵگاوە دەستی پێبکەین لە بواری فێربوون زانستدا و ئاستی رۆشنبیری بەرزبکەین ، مەبەستم کچ وکور ، چونکە هەردوکیان تەواوکەری یەکن بۆیە ژیان بەندە لەسەر نێر و میٚ .**

**لێرەدا نامەوی بچمە ناو قولأیی دواکەوتوی کومەڵگای کوردی لەوە زیاتر، بەڵکو ئەبیٚ باسی ئەوەش بکەین کەچەند ژنە ناودارێکی کورد توانیان رۆڵێکی بەرچاو ببینن لە بواری**

کۆمەڵایەتی و ڕێگای ئازادی و سەرفرازی میلەتەکەمان ،وەکو ( حەپسەخانی نەقیب ، شەهید لەیلا قاسم، لەیلا زانا) و ئاماژە بە خۆراگری هەزاران ژنە ئەنفالکراوەکان و دایك و خوشکی شەهیدان و هەزاران ژنانی هەڵەبجە تا ئێستاش لەژێر ئازاری باری دەرونی و کەم و کوڕی ئــەناڵێنن کە بێبەشن لەبچوکترین مافە سەرەتایەکانی ژیانیان .. چی یان بۆ کراوە؟ با لەم ڕۆژی 8 مارسەدا ئاوڕێك بدرێتەوە لەو ژنە بەدبەختانە و لەو ئاریشانانەیاندا با ڕزگاریان بێ و لەو پەردە پۆشیە دەرچن.

چەپکێ گوڵی سووری گەشاوە بۆ سەرجەم دایکی شەهیدان و هەڵەبجەو ئەنفالەکان.

**لە ڕۆژی جیهانی ژناندا با مرۆڤـ بوون پێوەر بێت نەك ڕەگەز...**

**ژن ژینە**

**دایك ئەوینە**

**ژن ئاوێتەی ژیانە**

**هاتۆتە ئەم زەمانە**

**ژنانی کورد یەکگرن**

**پێچەی ڕوو پۆشی دادڕن**

**ڕوو لە زانست کەن**

**دروشمی ئازادی بەرزکەن**

Sardeen1997@hotmail.com